السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەو شتانەی کە قەدەغەم کردووە (نەهیم) لێتان کردووە؛ لێی دوور بکەونەوە، وئەوەی فەرمانم پێکردوون؛ ئەنجامی بدەن بە پێی تواناتان

لە ئەبی هوڕەیرەوە عبد الرحمن کوڕی سەخر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی اللە علیە وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەو شتانەی کە قەدەغەم کردووە (نەهیم) لێتان کردووە؛ لێی دوور بکەونەوە، وئەوەی فەرمانم پێکردوون؛ ئەنجامی بدەن بە پێی تواناتان، ئەو شتەی کە بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە بریتی بوو لە زۆری پرسیارکردن وناکۆکییان بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم)]

پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- بۆی ڕوون کردینەوە کە ئەگەر نەهی کرد لە شتێک؛ ئەوا دەبێت لێی دوور بکەوینەوە، و ئەگەر فەرمانمان پێبکات بە شتێک؛ ئەوا دەبێت جێبەجێی بکەین هێندەی لە تواناماندایە. پاشان ئاگاداری کردینەوە بۆئەوەی وەکو هەندێک لە ئوممەتەکانی پێشوو نەبین کاتێک زۆر پرسیاریان کرد لە پێغەمبەرەکانیان لەگەڵ سەرپێچیکردنیان، بۆیە اللە سزای دان بە جۆرەها سزای سەخت وێران کار، کەواتە دەبێت ئێمە وەکو ئەوان نەبین بۆئەوەی لەناو نەچین هەروەکو چۆن ئەوان تیاچوون.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66517

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee